# واجب بوونی خۆشەویستی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم )

# روون بکەنەوە بۆ منداڵەکانتان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: زاگرۆس هەمەوەند

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( بينوا لأولادكم وجوب محبة الرسول صلى الله عليه وسلم )

« باللغة الكوردية »

إعداد: زاكروس هموند

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# واجب بوونی خۆشەویستی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم )

# روون بکەنەوەبۆ منداڵەکانتان

الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی سیدنا محمد وعلی اله وصحبه وسلم إلي یوم الدین .

دایکان وباوکانی ئازیز : خۆشەویستی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بەشێکە لەبنەما وبنچینەکانی بیروباوەڕی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، وەباوەڕی مرۆڤ دانامەزرێت هەتاوەکو خۆشەویستی پێغەمبەری خوا نەخاتەپێش خۆشەویستی خۆی و دایک وباوکی ومنداڵەکانیشیەوە، وەک لەفەرموودەیەکی سەحیحدا هاتوەکەدەفەرموێت : " یؤمن أحدکم حتی أکون أحب إلیه من نفسه ووالده وولده والناس أجمعین " واتە: باوەڕی هیچ کەس لەئێوەتەواو نابێت هەتاوەکو منی لەخۆی و باوک وکوڕ و هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت .

جا لەبەر ئەوە زۆر پێویستە بەووردی ئاگاداری ئەوەبین کەنابێت هیچ دوو دڵ و ڕاڕا بین لەو جۆرە مەسئەلانەدا، چونکە پەیوەندی بتەوی هەیە بەبیروباوەڕەکەمانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پێغەمبەرە ( صلی الله علیه وسلم ) نێردراو خۆشەویست وهەڵبژێراوی پەروەردگارمانە، خۆشەویستی ئەو پێغەمبەرە واتە خۆشەویستی خوای گەورە، شوێن کەوتنی سوننەتەکانی ئەو واتە گوێڕایەڵی بۆ خوای گەورە.

باوکان ودایکانی ئازیز : بۆ ئەوەی بتوانین واجب بوونی خۆشەویستی پێغەمبەرەکەمان ( صلی الله علیه وسلم ) روون بکەینەوە بۆ منداڵەکانمان وپاشان لە دڵ و دەرون وناخیاندا بڕوێنین پێویستە سەرەتا چەند هەنگاوێک هەیە بیگرینە بەر لەوانەش :

یەکەم : ڕوون کردنەوەی پلەو پایەی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەشەریعەتی ئیسلامدا، ئیمامی بوخاری فەرموودەیەکی ڕیوایەت کردوەکەپێغەمبەر ( صلی الله علیه

وسلم ) دەفەرومێت : " ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان : أن يكون الله ورسوله أحب إليه مما سواهما ، وأن يحب المرء لايحبه إلا لله، وأن يكره أن يعود إلى الكفر بعد أن أنقذه الله منه كما يكره أن يقذف في النار "

واتە: سێ سیفەت هەیەهەرکەس تێیاندا بێت ئەوەلەزەت وتام وشیرینی باوەڕەکەی دەچێژێت، خوا و پێغەمبەرەکەی لەهەموو شت لا خۆشەویستر بێت، وە هەرکەسێکیشی خۆش وویست تەنها لەبەر ڕەزامەندی خودا بێت، وەپێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوەبۆ بێباوەڕی دوای ئەوەی خوای گەورەڕزگاری کرد لێی، هەروەک چۆن پێی ناخۆشەبخرێتەناو ئاگرەوە.

هەروەها لەسەحیحدا هاتووەکەعەبدوڵڵای کوڕی هشام ووتی : لەگەڵ پێغەمبەردا ( صلى الله عليه وسلم ) دەڕۆیشتین دەستی عومەری کوڕی خەتتابی گرتبوو، عومەر ووتی بەپێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) : ئەی پێغەمبەری خوا من تۆم لەهەموو شتێک زیاتر خۆشتر دەوێت لەنەفس خۆم نەبێت، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : نا بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە( باوەڕت تەواو نابێت ) هەتاوەکو منت لەخیشت خۆشتر نەوێت، ئەمجا عومەر ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا، ئێستا تۆم لەخۆیشم زیاتر خۆش دەوێت، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئا ئێستا ( باوەڕەکەت تەواوە) ئەی عومەر.

هەروەها لەسەحیحی بوخاری ومسلیم دا هاتووەکەئەنەسی کوڕی مالک ڕیوایەتی کردووە، کەپیاوێک هاتەخزمەت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و پرسیاری لێکرد ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا کەی ڕۆژی دوایی دێت؟ ئەویش فەرمووی : ئەی کابرا تۆ چ شتێکت ئامادەکردوەبۆ ڕۆژی دوایی ؟ کابراکەش ووتی : خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی، پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : دەی کەواتەتۆ لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبیت کەخۆشت دەوێن، ئەنەس کەفەرموودەکەی ڕیوایەت کردوەدەڵێت: هیچ شتێک هێندەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا دڵخۆشی نەکردین کەفەرمووی : تۆ( لە ڕۆژی دوایدا ) لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبیت کەخۆشت دەوێت، پاشان ئەو کابرایەووتی : من پێغەمبەری خوا و ئەبوبەکر و عومەرم خۆش دەوێت، ئومێد دەکەم لەگەڵ ئەواندا خودا حەشرم بکات هەرچەند بەئەندازەی ئەوانیش کاری خێر و حەسەناتم نیە.

لەقورئانی پیرۆزیشدا لەزۆر جێگا خۆشەویستی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەگەڵ خۆشەویستی پەروەردگاردا هاتووە، وەک خوای گەورەدەفەرموێت : ( **قُل إن كان آباؤكم وأبناؤكم وإخوانُكم وأزواجُكم وعشيرتُكم وأموالٌ اقترفتموها وتجارةٌ تخشَون كسادَها ومساكنَ ترضونها أحبَّ إليكم من اللهِ ورسولهِ وجهادٍ في سبيلِه فَتربَّصوا حتى يأتي اللهُ بأمره واللهُ لا يهدي القومَ الفاسقين** ) واتە: ئەی موحەممەد پێیان بڵێ ئەگەر باو وباپیرتان ورۆڵەونەوەکانتان وبراکانتان هاوسەرانتان وعەشیرەت وهۆزتان وماڵ وسامانێک کەبەدەستان هێناوە، یاخود لەبازرگانیەک دەترسن کەشکان وبێ بازاڕی ڕووی تێبکات وخانووبەرەوکۆشک نەلارێک کەحەز دەکەن لێتان تێک نەچێت ودڵخۆشن پێی، لاتان بێ خۆشەویستتر ونازدارتر بێت لەخوا وپێغەمبەرەکەی وتێکۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دەئەوەچاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورەدێت بەفەرمانەکانیەوە( تۆڵەتان لێ دەستێنێت )، خوای گەورەوپەروەردگاریش هیدایەت وڕێنمونی گەل وهۆزی یاخی ولەسنوور دەرچوو ناکات .

لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : ( **قُل إن كنتم تحبون اللهَ فاتَّبعوني يحبِبكُم الله** ..) واتە: ئەی موحەممەد پێیان بڵێ ئەگەر ئێوەخوای گەورەتان خۆش دەوێت، دەی شوێن من بکەون تا خوای گەورەخۆشی بوێن .

دووەم : ئێمە بەچ شێوەیەک خۆشەویست بوونی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم) پێشکەش بەمنداڵەکانمان بکەین، وەچۆن پێغەمبەر بناسێنین پێیان ؟

پێویستە لەسەر دایکان وباوکان بەشێوەیەک خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) پێشکەش بەمنداڵەکانیان بکەن کەڕەچاوی ئەم خاڵانەی تێدا بکەن : --

١ – پێداگرتن لەسەر ناساندنی کەسایەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆنەوەکانتان بەو شێوەیەی کەلەقورئاندا بەیان کراوە، وەک خوای گەورەدەفەرموێت ( **إنا أرسلناك شاهداً ومبشراً ونذيراً وداعياً إلى الله بإذنه وسراجاً منيراً** ) واتە: ئەی پێغەمبەر بەڕاستی ئێمەتۆمان ڕەوانەکردووەکەشایەت بیت ( بەسەر ئومەتی ئیسلامەوەکەپەیامی خوات پێ گەیاندوون ) ومژدەبەخشیت ( بەئیمانداران بەوەی ڕەزامەندی خوا وبەهەشتی بەرین چاوەڕوانیانە) ترسێنەریشیت ( کەبێباوەڕان دەترسێنیت لەخەشم وقینی خوا ودۆزەخ ) ، هەروەها بەمۆڵەت وفەرمانی خوا بانگەواز دەکەیت بۆ

بەرنامەورێبازی ئەو زاتەبەرزە، هەروەها تۆ ئەی موحەمەد چرا وڕووناککەرەوەی بۆ سەرجەم خەڵکی سەر زەوی .

٢–پێداگرتن لەسەر ئاشکراکردن وڕۆشنکردنەوەی لایەنی پێشەنگی ئەو پێغەمبەرەلەڕووی ئەوەی تەنها ئەوەکەپێشەنگ وقدوەی ئیمانداران بێت، ئەوەش ڕوون بکرێتەوەکەسەرجەم ژیانی نمونەی چاکەوخێرن بۆئەوەی باوەڕداران بیکەن بەپێشەنگی خۆیان لەتەواوی بوارەکانی ژیانیاندا بۆ ئەوەی سەرفرازی دونیاو دوا ڕۆژ ببن .

٣–پێویستەوەڵامی ئەو پرسیارەی منداڵەکانمان بدەینەوەکە دەپرسنئێمەی باوەڕدار لەبەر چی پێویستەکەپێغەمبەری خوامان لەهەموو کەس زیاتر خۆش بوویت؟ وەهەوڵ بدەین کەبگەین بەهۆش وبیریان وتێیان بگەیەنین وقەناعەتیان پێ بکەین کەدەبێت هەموو کەسێکی باوەڕداری حەکیم وژیر و خواناس ئەو پێغەمبەرەی خۆش بوویت، چونکەهەر ئەو بوو کەخوای گەورەومیهرەبان کردی بەهۆکاری هیدایەتی هەموو مرۆڤایەتی بەشێوەیەک لەگومڕایی وسەرگەردانی ڕزگاری کردن وڕێنمونی کردن بۆ نووری ئیسلام ومیهرەبانی پەروەردگار .

٤–ئەوەیان بۆ ڕوون بکرێتەوەکەپلەوپایەی پێغەمبەری ئایزمان لای خوای گەورەچەند بەرز وبڵندە، وەهەروەها پلەوپایەی بەنسبەت پێغەمبەرانی تروە( علیهم السلام )، لەهەمان کاتدا گرنگی دان بەباسکردنی فەزڵی پێغەمبەری خۆشەویستمان لەشەفاعەت کردنی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بەگشتی و بۆ ئومەتەکەی بەتایبەتی لەقیامەتدا .

٥–تەئکید کردنەوەلەسەر شتێکی زۆر گرنگ ئەویش بریتی یەلەوەی کەهەموو پێغەمبەرانی ئوممەتانی پێشوو ( علیهم السلام ) موژدەیان داوەبەگەلەکانیان کەلەکۆتا زەماندا پێغەمبەرێک دێت بەم شێوەوبەم صیفاتانەکەواجبەباوەڕی پێ بهێنن، چونکەئەو پێغەمبەرەپێغەمبەری تەواوی جیهانیانەو ناوی ( محمد، یان احمد ) ەوشەریعەتەکەی ئەو سڕەرەوەی شەریعەتەکانی ئەوانە، وەئەوەشیان بۆ باس بکرێت کەلەشەوی ئیسرا ومیعراجدا هەموو پێغەمبەران پێشوازی گەرمیان لەپێغەمەبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و باوەڕیان پێهێنا .

٦–وەبەشێوەیەکی ئاسان وسادەباسی چونیەتی شوێت کەوتنی پێغەمبەریان بۆ بکرێت لەژیانی ڕۆژانەدا ( الاتباع ) ، وەلەهەمان کاتدا باسی زیادەڕۆیی ( بدعە) یان بۆ بکرێت لەدین دا کەشتێکی خراپ وناپەسەندە.

سێهەم : هەندێک هۆکار کەپێویستەبگیرێتەبەر لەپێناو ڕواندان وچەسپاندنی خۆشەویستی پێغەمبەری ئیسلام لەدڵ ودەرونی نەوەکانماندا : --

١–باسکردن وگێڕانەوەی موعجزەکانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەشێوەیەکی ڕاست ودروست وبەبێ زیاد وکەم، وەهەوڵبدرێت ئەم باسانەلەفەرموودەسەحیح وڕاستەکانەوەوەربگرێت تا بەشێوەیکی جوان منداڵانی لەسەر پەروەردەبکرێت ودوور بن لەزیادەڕۆیی لەحەقی ئەو پێغەمبەرەدا، چونکەهەندێک فەرموودەی لاواز وهەبەستراو ودرۆ هەن کەوادەکەن مرۆڤ تووشی زیادەڕۆیی ببێت لەحەقی پێغەمەبردا ( صلى الله عليه وسلم ) هەندێک جار باس لەوەدەکرێت کەپێغەمبەر ئاگادرای غەیب هەبووەو دەستی هەیەلەگۆڕانکاری وڕووداوەکانی دونیادا ( خودا پەنامان بدات ) هەهەمووی دوورن لەڕاستیەوە، جا پێویبستەبەشێوەیەک نەوەکانمان پەروەردەبکەین دووربن لە( افراط ) و ( تفريط ) یشەوە.

٢–باس کردنی ڕەوشت و ئەخلاقی جوان وشیرینی ئەو پێغەمبەرەئازیزە( صلى الله عليه وسلم ) کەبەچ شێوەیەک یارمەتی لێقەماوان و هەژاران وبێ نەوایانی داوەوهەمیشەلەڕیزی ئەواندا بووەدژ بەستەم کاران ولەسنوور دەرچوان هەتاوەکو ئەو کاتەی مافەکانی سەندوەتەوەبۆیان، وەهەڵسو کەوت وسۆز ومیهرەبانی چۆن بووەبەرامبیەر بەهتیوان، لەکاتێکدا فەرمویەتی ( أنا وكافل اليتيم فى الجنة هكذا، وأشار بالسبابة والوسطى ) واتە: من وبەخێوکەری هەتیوان لەبەهەشتدا وەک ئەم دووپەنجەی ناوەڕاست وشایەتومانەوابن لەبەهەشتدا ( واتە بە یەکەوە دەبین ) .

٣–ئەوەیان بۆ ڕوون بکرێتەوەکەخۆشەویستی هاوەڵانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ئەو پێشەوا بەڕێزەچۆن چونین بوەو تا چ ئەندازەیەک خۆشیان ویستوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەسەرهات وچیرۆکێکی واقعیان بۆ بگێڕنەوە .

٤ –فەرمووودەکانی پێغەمبەریان ( صلى الله عليه وسلم ) پێ لەبەر بکرێت، ولەسوننەتەکانی شارەزا بکرێن، وەئەوەشیان بۆ ڕوون بکرێتەوەکەچۆن جێ بەجێکردنی سوننەتەکانی ئەو پێغەمبەرەمرۆڤ دەپارێزێت لەخراپەکاری شەیتانەکانی جنۆکەو ئینسان .

٥ –جێ بەجێکردنی سوننەتەکان لەلایەن دایک وباوکانەوە، وەپێداگرتن وتەئکید کردنەوەلەسەر پابەند بوون پێیانەوە، بەشێوەیەک کەمنداڵان ببین کەلەناو خێزانەکەیاندا ژیان وسوننەتی کەسێکی وەک پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) جێ بەجێ دەکرێت، چونکەئەم شێوەپەروەردەیەگەلێک کاریگەرترەلەباسکردن وچیرۆک بۆ خوێندنەوە، لەم بارەیەشەوەخاوەنی کتێبی ( التربية الاسلامية ) دەڵێت : " زۆر ئاسانەکەمرۆڤ هەڵبسێت بەنووسینی کتێبێک یان نامیلکەیەک یان پرۆگرامێک لەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردن، بەڵام ئەم پەروەردەو پرۆگرامە هەر بەمەرەکەبی سەر کاغەز دەمێننەوەئەگەر ڕەنگ نەدەنەوەلەژیانی ڕۆژانەی خۆماندا، بۆیەپێویست دەکات کەسانێک هەبن ئەو ( نظريات ) انەبکەن بەواقع و لەژیانی خۆیاندا جێ بەجێیان بکەن، وببن بەڕەوشت و خوی جوان وپەسەند تێیاندا، ئەو کاتەکۆمەڵگەسوود دەبینێت لەپەروەردەی ڕاست ودروستی نێو پەڕاو پەرتووکەکان .

چوارەم : هەندێک تێبینی گرنگ کەپێویست دەکات لەکاتی جێ بەجێکردنی ئوخاڵانەی سەرەوەدا ڕەچاو بکرێن : ––

١–هەوڵبدرێت ئەوەی کە ووتمان بەشێوازی موناقەشەو ڕاگۆڕینەوەبێت لەگەڵ منداڵەکانتاندا، ودووربن لەشێوازی تەقلیدی کۆن کەتۆ هەمیشەقسەبکەیت و منداڵەکەت گوێت بۆ بگرێت، چونکەئەو شێوازەمنداڵەکەت بێتاقەت و بێ حەوصەڵەدەکات و حەز بەگوێ گرتن ناکات بۆت .

٢–ڕەچاوی شێوازی هاندان وخۆشەویستکردنی قسەکانتان بکەن لای منداڵەکانتان بەکاتێکدا کەچیرۆک وبەسەرهاتی پێغەمبەری خوایان ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ دەگێڕنەوە، ئەویش بەوەی جار جارەدیاریەکیان بۆ بکڕن تاوەکو ووتەکانی ئێوەیان لا خۆشەویست بێت.

٣–پێداگرتن لەسەر ئەوەی ئێمەی باوەڕدار چۆن ئەتوانین خوا وپێغەمبەرەکەی لەخۆمان ڕازی بگەین، تاوەک لەڕۆژی دوایدا لەئوممەتی ئەو بژمێررێین و لەدەستی ئەو لەئاوی ( کەوثەر) بخۆینەوە.

**٤–یارمەتی منداڵان بدرێت و هان بدرێن لەسەر بەرجەستەکردنی توانا وووزەوبەهرەکانیان، بەوەی یارمەتی بدرێت کەووتاری کورت وهۆنراوەوپەخشان بنوسن لەسەر فەزڵەکانی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ، وەپێشبڕکێیان بۆ ساز بکرێت لەسەر ئەو بابەتانەی کەخۆشەویستی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) زیاد دەکات .**

**ئەی خودای گەورەومیهرەبان، ئەی پەروەردگاری جیهانیان، ئەی خالقی زەوی وئاسمانەکان، ئەی پادشای ڕۆژی دوایی بەمیهر وخۆەویستی خۆت لەپاشەڕۆژدا بمانخەڕیزی ئەو کەسانەی کەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) شەفاعەتیان بۆ دەکات إن شاء الله.**

**خوای گەورەلەگوناهی من وئێوەش خۆش ببێت**

**وەبەخودای گەورەومیهرەبانتان دەسپێرم .**